کاوە جەلال

# لەبارەی سێ لێچواندنەکەی پلاتۆن لە دیالۆگی کۆماردا

## پێشکۆتن

ئەم توێژینەوەیە لەبارەی سێ لێچواندنەکەی خۆر و هێڵ و ئەشکەوت لە دیالۆگی 'کۆمار'دا بە بابەتێکەوە خەریکە کە دەکەوێتە قۆناغی ناوەڕاستی فەلسەفاندنی پلاتۆنەوە ([1]). پلاتۆن ناونیشانێکی لاوەکیی بۆ دیالۆگی 'کۆمار' داناوە: 'لەبارەی دادپەروەری'. ئەو لەم دیالۆگەدا لەبارەی ژیانی بەداد لە دەوڵەتدا دەپرسێت و خودی دادپەروەری بەند دەکات بە مەئریفەی ئیدێی چاکەوە. کێ لە ئیدێی چاکە تێنەگات، لە ڕەوشتی دادپەروەری تێناگات. ئیدێی چاکە بە دیدی پلاتۆن دوا ئامانجی مەئریفە و کردارە. لێ ئایا ئیدێی چاکە چییە؟ سۆکرات لە دیالۆگەکەدا ناتوانێت ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدات ناڕاستەوخۆ بەڕێی لێچواندنەوە (ئانالۆگی) لێی نزیکبکەوێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ بەشداریکردنێکی ئەکادیمی لەو دەگمەنە ئیشانەدا کە بە کوردی لەبارەی هزری پلاتۆن نووسراون، بەشداریکردنیش تەنیا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە ڕووبەری دانوستاندن لەبارەی فەلسەفەی پلاتۆن فراوانتر بکرێت.

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ڕوودەکەینە پرسیاری لێچواندن وەک هەوڵێک بۆ پێشاندانی شتی نادیار بەڕێی نموونەی دیارەوە. پاشان لە بەشی دووەمدا بە سێ تەوەری جیاواز لێچواندنەکانی خۆر و هێڵ و ئەشکەوت دادەڕێژین و هەر یەکەیان لە برگەی تایبەت بە تەوەری خۆیدا ڕووندەکەینەوە، لێ بۆ پتر تێگەیشتن لە لێچواندنی هێڵ، پەیوەندییەکانمان هاوکات بە هێڵکارییەک پێشانداوە. ئەوجا لە کۆتاییدا، لە بەشی سێیەمدا، سەرلەنوێ سێ لێچواندنەکە پێکەوە لە پەیوەندیاندا بە یەکترییەوە و لە مەبەستیاندا راڤە دەکەین.

## بەشی یەکەم: لێچواندن وەک دەسوێژی ڕوونکردنەوەی دراوێکی ئەبستراکت

لێچواندن ڕوونکردنەوەیە بەڕێی وێنەوە، یان مرۆ نموونەی دیار وەردەگرێت تاکو ئاماژە بۆ بابەتێکی شارراوە بدات. لێ ئێمە نابێت ئەم جۆرەی ڕوونکردنەوە بە واتای وشە وەربگرین، بەڵکو پێویستە وێنەکە بەسەر ئەو بابەتەدا بەکاربەرین کە دیار نییە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە لەبەر چە هۆیەک پلاتۆن هانا بۆ لێچواندن دەبات تاکو لە ئیدێی چاکە نزیکبکەوێتەوە؟ بۆ ئەوەی لە وەڵامی ئەم پرسیارە نزیک بکەوینەوە، پێویستە لە دوالیزمی جیهانی ئەزموون و ئیدێ بڕوانین.

دوالیزمی جیهانی ئیدێ و ئەزموون ئەو واتایە دەگەیەنێت کە پلاتۆن لە نێوان دوو شێوەی جیای داکەوتدا (واقعدا) جیاوازی دەکات کە بریتین لە جیهانی ئیدێ وەک سەروێنە و جیهانی ئەزموون وەک دەروێنە، ئەمەش پەیوەندییەکە کە دەشێت بە شرۆڤە ڕوونبکرێتەوە. پلاتۆن شتەکانی جیهان تەنیا وەک دیاردە یان وەک دەروێنەی ئیدێکان دادەنێت، خودی ئیدێکانیش لە کایەی هۆشەکیی پەتیدا گریمانە دەکات و دیاردەکان دەخاتە پەیوەندیی بەشداریکردنەوە (مێتێکسیس) لەو ئیدێیانەدا. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە لای پلاتۆن دوو جیهانمان نییە کە بەرانبەر یەکتری وەستابنەوە، بەڵکو هەر تایبەتێتییەکی جیهانی ئەزموون بەشداری لەو ئیدێیەدا دەکات کە سەروێنەی خۆیەتی. لێ ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆ شێوازی مەئریفە دیاری دەکات: جیهانی ئەزموون کە دیاردەی جیهانی ئیدێکانە، تەنیا بەڕێی سێنسەکانەوە (حەواسەکانەوە) دەرکدەکرێت بەبێ ئەوەی سێنسەکان هیچ شتێکمان لەبارەی بوونی دەرککراوەکان پێڕابگەیەنن. کەواتە دەرککردن لای پلاتۆن مەئریفەی ڕاستەقینە نییە، بۆیە ئەرکی مرۆڤی مەئریفەخواز ئەوەیە کە سەرجەم کۆششی خۆی ئاڕاستەی ناسینی ئیدێکان بکات. پلاتۆن ئەم کۆششە بۆ گەیشتن بە ناسینی ئیدێکان وەک سەرەنجامی ئانامنێزیس (یادهێنانەوە) دەبینێت: دەروون لە پرۆسەی مەئریفەی ئیدێکاندا ئەوەی دێتەوە یاد کە پێش هاتنی بۆ نێو لەش لە هەبوونە سەرمەدییەکەی خۆیدا لێیڕوانیوە. بەگشتی مەرجی گەیشتن بە ڕاستی ئەوەیە کە مرۆ بزانێت دەرککردن تەنیا دیاردەی شتە تایبەتییەکان وەردەگرێت، لێرەشەوە مرۆ ناچار دەبێت کە بە دەرککردنی دیاردەکان قایل نەبێت، بەڵکو هەوڵ دەدات لە بوونی هەر دیاردەیەکی دەرککردن تێبگات.

لێ پێویستە هۆشی ئەو بەرگەی باڵاترین مەئریفە بگرێت کە مەئریفەی چاکەیە و بەرزترە تەنانەت لە چوار فەزیلە سەرەکییەکەی دادپەروەری و ئیمان، ناخسەنگینی و دلێری. بێگومان هۆش هەرگیز ناتوانێت بەتەواوی لەبارەی چاکە بزانێت، لێ گەر نەتوانێت لە چاکە تێبگات، ئەوسا هیچ لەبارەی داد و جوان و ماتماتیک و هتد بەباشی نازانێت.

ئێمە لێرەدا دەگەینەوە بەو پرسیارە کە لەبەر چە هۆیەک پلاتۆن بۆ روونکردنەوەی ئیدێی چاکە هانا بۆ لێچواندن دەبات. پلاتۆن لە شرۆڤەی مەئریفەدا لە جیهانی دەرککردنەوە هەنگاو دەنێت و سەردەکەوێت ڕووەو گشتێتی و گشتیتر، کە ئیدی لە جێیەکی تایبەتیدا دەگات بە ئیدێی بوون کە خۆی بەسەر هەموو ئیدێکانی دیکەوە دەبینێتەوە. لێ ڕوونکردنەوەکانی ئەو پەیوەند بە ئیدێی چاکەوە هێندە ڕۆشن نین، بە واتایەکی دی پلاتۆن تەنیا بە دەسوێژی لێچواندن دەرفەت بۆ خۆی دەڕەخسێنێت لە پرسی ئیدێی چاکە نزیک بکەوێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەسوێژی لێچواندن کە پلاتۆن بۆ ڕوونکردنەوەی ئیدێی چاکە هانای بۆ دەبات، تەنیا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە مرۆ ناتوانێت ئەم ئیدێیە بەڕوونی دیاری بکات. کەواتە ئیدێی چاکە لای پلاتۆن ڕوون نییە، ئەمەش وایکردووە کە هەتا ئەمڕۆ بە چەندین شێوەی جیا ڕاڤەبکرێت. "پلاتۆن بە شێوەیەکی هونەریی جوان لێچواندنەکان ئاوەڵا دەکات و بە قەشەنگی دایاندەڕێژێت، لێ سەرەڕای ئەمە هەتا ئەمڕۆ توێژەرانی پلاتۆن کۆک نین سەبارەت بەوە کە داخۆ پلاتۆن بە دەستەواژەی 'ئیدێی چاکە' لە چی بدوێت. هەتا ئەمڕۆ مەزەنەی مسۆگەرنەکراو، بنیاتنانی ئەندێشەیی و جۆری ناڕۆشنی ئاخافتن باڵادەستن" ([2]).

پلاتۆن لە بەشی شەشەمی دیالۆگی "کۆمار"دا ڕوودەکاتە پرسی ئیدێی چاکە ([3]). ئەو لەم بەشەدا جیاوازی دەکات لە نێوان ژیانی بەداد و بێداد لە جیهاندا، واتا لە دەوڵەتدا. بە دیدی ئەو تەنیا گەر فەیلەسوفەکان ببن بە دەسەڵاتداری دەوڵەت، ئیدی دادپەروەری لە دەوڵەتدا مسۆگەر دەکرێت، چونکە تەنیا ئەمانن کە بەهۆی تێگەیشتنیانەوە لە ئیدێی چاکە دەتوانن بە هێزی مەئریفە و ئەزموونیان کۆتایی بە بێئارامیی جیهانی مێژوویی بهێنن. لێ پلاتۆن بۆ ئەوەی لە کرۆکی ئیدێی چاکە "نزیکبکەوێتەوە"، ڕاستەوخۆ دوالیزمی جیهانی ئەزموون و جیهانی ئیدێ بەگەڕدەخات، ئەمەش بەڕێی خوازەوە لە سێ لێچواندنەکەی خۆر و هێڵ و ئەشکەوتدا. بە واتایەکی دی ببێژین، پلاتۆن ئیدێی چاکە

ڕوونناکەنەوە، بەڵکو پرسی ئیدێی چاکە دەخاتە فۆرمی لێچواندنەوە، چونکە ئەوە کە پلاتۆن وەک دوا ئامانجی سەرجەم کرداری مرۆڤ دایدەنێت، تەنیا بەڕێی وێنەوە شیاوی پێشاندانە ([4]). وێنە گەرەکە ڕوونیبکاتەوە کە چۆن فەیلەسوفەکان بە مەئریفەی ئیدێی چاکە دەگەن، لێ بەبێ ئەوەی پاشان بتوانن بە هەموو دانیشتوانی دەوڵەتی ڕابگەیەنن. ئەم کێشەیە لە دیالۆگی 'تیمایۆس'دا بەڕوونی دەردەکەوێت. تیمایۆس ڕوودەکاتە دانیشتوان و پێیان دەبێژێت: "دۆزینەوەی هۆکاری (بناغەی) ... گەردوون ئاسان نییە، لێ دوای ئەوەی دۆزرایەوە، مەحاڵە بە هەمووان ڕابگەیەنرێت" ([5]). بۆیە گەرەکە دوا ئامانجی کردار و مەئریفە بەڕێی نموونەی دیارەوە کە خۆرە، پێشان بدرێت.

**بەشی دووەم: سێ لێچوانەکەی خۆر و هێڵ و ئەشکەوت**

**تەوەری یەکەم: لێچواندنی خۆر**

**بڕگەی یەکەم: داڕشتنی لێچواندنەکە**

مرۆڤ بە چاو دەبینێت، هەروەها بە سێنسەکانی دیکەی دەرکی سەرجەم شتەکانی شیاوی دەرککردن دەکات. لێ بۆ ئەوەی چاو بتوانێت شتە دیارەکان ببینێت، پێویستی بە سێیەمێکە کە ڕوناکییە و لە سروشتەوە بۆ ئەم مەبەستە دروستکراوە. ڕوناکی پەیوەندییەک لە نێوان سێنسی بینین و شتە دیارەکاندا چێدەکات. لێ ڕوناکی بێسەرچاوە نییە، بەڵکو لە لایەن خۆرەوە دەپەخشێنرێت. خۆر بریتییە لەو سەرچاوەیە کە چاکە وەک وێنە (نموونە)ی خۆی دروستی کردووە.

لە نێوان سێنسی بینین و خۆردا ڕێژەیەک هەیە: چۆن چاکە لە کایەی هۆشەکیدا پەیوەندی بە ئاوەز (نووس) و کایەی ئەزموونەوە دەکات، بە هەمان شێوە خۆر لە کایەی ئەزمووندا پەیوەندی بە سێنسی بینینەوە دەکات، هەروەها چۆن چاو لە تاریکیدا نزیکەی کوێرە، بە هەمان شێوە گەر هۆش ڕووبکاتە تاریکی، واتا ڕووبکاتە جیهانی ئەزموون/مادی کە لەژێر ڕکێفی دروستبوون و لەناوچووندایە، ئەوا ڕۆدەچێت بۆ سەر ئاستی بۆچوون. لێ گەر هۆش بە پێچەوانەوە ڕوو لەوە بکات کە بوون و چاکە تیشکی بەسەردا دەپەخشێنن، ئەوا هەر ئەوەندی لێی تێگەیشت، ئیدی دەگات بە هێزی هزرین. تەنیا ئیدێی چاکە ڕاستی بە بابەتی مەئریفە و بە کەسی ناسەریش هێزی مەئریفە دەبەخشێت. ئیدێی چاکە بریتییە لە هۆکاری مەئریفە و ڕاستی کە هۆش دەیانناسێت. بێگومان ڕەوایە گەر ئێمە چاو و ڕوناکی بە خۆرین دابنێین، لێ بۆمان نییە بە خودی خۆریان دابنێین. مەسەلەکە لەتەک ڕاستی و مەئریفەشدا بە هەمان شێوەیە. هەردووکیان لە چاکە دەچن، لێ پێی یەکسان نین ([6]).

**برگەی دووەم: ڕوونکردنەوەی لێچواندنەکە**

لەم لێچواندنەدا دەردەکەوێت کە تاریکی سەرچاوەیەکی نییە و لێوەی بتەنێتەوە، لێ ڕوناکی بە پێچەوانەوە لە شتێکەوە دەپەخشێت کە خۆرە و بەسەر خودی ڕوناکیدا سەروەرە، خۆریش وێنەی چاکەیە کە چاکە وەک دەروێنەی خۆی چێیکردووە. هەر شتێک لەبەر تیشکی خۆردا بێت، دیارە، چی لە تاریکیدا بێت، دیار نییە یان بە زەحمەت دەبینرێت. کەواتە ئەم پەیوەندییە واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت کە هەر شتێک لەبەر ڕوناکیی ئیدێی چاکەدا بێت، ئیدی لەو شتەوە ڕاستی و بوونەوەر دەدرەوشێنەوە، لێ هەر شتێک لەبەر ئەو ڕوناکییەدا نەبێت، سەر بە کایەی ئەزموونە (جیهانی مادییە) کە تایبەتە بە دروستبوون و لەناوچوون.

لێچواندنی خۆر ڕێژە لە نێوان سەروێنە و دەروێنەدا دادەنێت. لەبەر ئەوەی لای پلاتۆن دەروێنە ناکامیلە و تەنیا دیاردەی بوونەوەرێکی کامیلە، ئەوا "دەروێنە لای خۆی نییە، بەڵکو خۆی لە دۆخی ئاماژەداندا دەبینێتەوە"، واتا دەروێنە شتێکە کە "شتێکی دی دیاردەهێنێت. کەواتە دەروێنە دەبێت لەو شتە جیاواز بێت کە دیاریدەهێنێت. وێنە تەنیا بەو ڕێیەوە وێنەی شتێکە، گەر ئەو شتە نەبێت کە وێنەی دەداتەوە، بەڵکو بۆ خۆی شتێک بێت. وێنە لە لایەکی دیکەوە تەنیا کاتێک وێنەیە، گەر ئەو شتە کە بۆ خۆی هەیە، بەئاشکرا پێشان نەدات، بەڵکو ئەویدی دیاربهێنێت" ([7]). جگە لەوە ناشێت "لە نێوان سەروێنە و دەروێنەدا یەکگرتنەوەیەکی هەمەکی و جیاوازییەکی هەمەکی هەبێت"، چونکە گەر یەکگرتنەوەیەکی تەواو لە نێوانیاندا هەبێت، "ئەوسا دەروێنەکە ئۆریجینالێکی (ئەسڵێکی) دووەم دەبێت" بەپاڵ سەروێنەوە، هەروەها گەر جیاوازییەکی هەمەکی لە نێوانیاندا وەربگیرێت، "ئەوسا دوو کایەی تەواو ناتەبا هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکترییەوە نابێت و دەرفەت نادەن هیچ بەراوردێک لە نێوانیاندا بکرێت". پلاتۆن بە پێویستی دەزانێت کە لە نێوانیاندا "یەکگرتنەوەیەکی یەکلایەنی بە جیاوازییەکی یەکلایەنییەوە هەبێت وەک نیشانەیەک بۆ لەیەکچوونیان نەک هاوشێوەییان" ([8]). لەیەکچوون نیشانەیە بۆ نەبوونی یەکانگیری یان شوناس لە نێوان ئەو دوو تەوەرەیەدا، لێرەشدا هەمیشە تەوەرەی دیار کە دەرکدەکرێت (خۆر)، لە تەوەرەی نادیار دەچێت. پلاتۆن لەم لێچواندنەدا خوازەی خۆر و چاو بەکاردەهێنێت تاکو بەڕێیانەوە ئاماژە بۆ دوا ئامانجی ئاوەز بدات. گەر ئاوەز

بییەوێت هێزی ناسینی هەبێت، ئەوا پێویستە ئامانجێکی دوایەمین بۆ خۆی دابنێت. ئەم دوایەمین ئامانجە بریتییە لە مەئریفەی ئیدێی چاکە. پەیوەندکردنی مەئریفە بە ئیدێی چاکەوە شیمانەیەک دەهێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی "پەیوەندییەکی تایبەتیی چاکە بە ئیدێکانی دیکەوە چێبکرێت" ([9]). کەواتە لەبەر ئەوەی تەنیا بوونەوەری هەمیشە هەبوو، واتا ئیدێ، شیاوی ناسینە، ئەوا ئەم ناسینە یان مەئریفەیە هاوکات ئیدێی چاکە دەگرێتەوە، چونکە "ئەم ئیدێیەش پێگەیەکی ئۆنتۆلۆژیانەی هەیە کە بێگومان تەواو جیاوازە لە پێگەی ئیدێکانی دی"، لێ سەرەڕای ئەوە ئەوە پێویستە هزر "پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆژیانە لە نێوان ئەم ئیدێیە و ئیدێکانی دیکەدا" وەربگرێت ([10]).

## تەوەری دووەم: لێچواندنی هێڵ

### بڕگەی یەکەم: داڕشتنی لێچواندنەکە

لێچواندنی هێڵ ڕاستەوخۆ بەدووی لێچواندنی خۆردا دێت. سۆکراتی پلاتۆن لە لێچواندنی خۆردا ڕێژەی تایبەتی لە نێوان سەروێنە و دەروێنەدا پێشان دەدات، لێ لە لێچواندنی هێڵدا خۆی بە خودی ڕێژەکانەوە خەریک دەکات. ئەو کێشەی تایبەتی دەکات بە هێما و هەوڵ دەدات ڕوونیان بکاتەوە.

سۆکرات لەم لێچواندنەدا هێڵێک بەسەر دوو کەرتی نایەکساندا بەش دەکات کە هێمان بۆ هەردوو کایەی ئەزموون و هۆشەکی، لێ ڕوونی ناکاتە کام کەرتەیان لەویدیکەیان گەورەترە. ئەوجا ئەم دوو کەرتەهێڵە بە هەمان ڕێژەی کەرتکردنی یەکەم دووبەش دەکات و لە کۆتاییدا چوار کەرتی بۆ مەبەستەکانی لە بەردەستدا دەبێت.

کەرتی یەکەم تایبەتە بە کایەی وێنەکان، واتا کایەی سێبەر و وێنەدانەوەی سەرجەم ئەو شتانە کە تایبەتن بە دەرککردن، لێ کەرتی دووەم تەرخان کراوە بۆ خودی بابەتەکانی دەرککردن، بۆ نموونە زیندەوەر و بابەتە دروستکراوەکان. ئەم دوو کایەیە کە تایبەتن بە جیهانی ئەزموون، شێوەی جیاوازی

مەئریفەیان هەیە: مەئریفەی کایەی وێنەکان بریتییە لە بۆچوون (aikasia)، مەئریفەی بابەتەکانی دەرککردن بریتییە لە باوەڕکردن (pistis)، هەردووکیان پێکەوە بریتین لە را (doxa).

کەرتی سێیەم و چوارەمی هێڵەکە تەرخانکراون بۆ کایەی بابەتە هۆشەکییەکان. لێ هزر ناتوانێت ڕاستەوخۆ هەنگاوبنێتە نێو کایەی سێیەمەوە، بەڵکو دەبێت بە یاریدەی گریمانە (هیپۆتێز) بۆ کایەی سێیەم بگەڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش بابەتە مادییەکانی دەرککردن وەک دەسوێژ وەردەگرێت. ئەوجا گریمانەکانیش لە لایەنی خۆیانەوە دەبن بە دەسوێژێک بۆ هزر تاکو هەنگاو بنێتە نێو چوارەم کەرتی هێڵەکەوە. کەرتی سێیەم تایبەتە بە ماتماتیک، کەرتی چوارەم تەرخانکراوە بۆ ئیدێکان. لێ بۆ ئاوەز بەس نییە کە تەنیا شرۆڤەییانە لە ئیدێکان تێبگات، بەڵکو هاوکات گەرەکە ڕووەو ئەو بنەمایە هەنگاو بنێت کە پلاتۆن ناوی دەنێت "بناغەی بێمەرج" ([11]). ئاوەز لە چوارەم کەرتی هێڵەکەدا تەنیا بە تێگە پەتییەکان کاردەکات تاکو بەم شێوەیە مێتۆدی خۆی بۆ مەئریفە چێبکات. ئەم دوو کەرتەهێڵەی کایەی هۆشەکیش شێوەی مەئریفەی خۆیان هەیە: شێوەی مەئریفەی کەرتی سێیەم بریتییە لە گریمانە (dianoia)، لێ شێوەی مەئریفەی کەرتی چوارەم بریتییە لە تێگە (nous).

### بڕگەی دووەم: ڕوونکردنەوەی لێچواندنەکە

پلاتۆن لەنێو خودی جیهانی ئەزموونداً جیاوازی لە نێوان دوو کایەی داکەوتدا دەکات: نزمترین کەرتی هێڵەکە تەنیا وێنەی شتەکان، یان سێبەر و وێنەدراوەکان، پێشان دەدات، بۆ نموونە وێنەی دراوە لەنێو ئاودا، یان وێنەی دروستکراو، جگە لەوە مەئریفەی ئەم کەرتەهێڵە ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە دەروێنەکان نەک ڕووبکاتە خودی ئەو بابەتانە کە وێنەدراونەتەوە.

کەرتەهێڵی دووەم شێوەی تایبەتی مەئریفەی هەیە. گەرچی ئەم کەرتەی هێڵەکە تایبەتە بە شتەکانی شیاوی دەرککردن، "لێ شێوەی مەئریفەی ئەم کەرتەهێڵە دەرککردن نییە، بەڵکو بڕوایە. هەموو شتێکی تایبەت بە ئەزموون هاوکات ئۆبژێکتی (دانراوی) بڕوایە. بێگومان بڕوا ڕوودەکاتە شتەکانی شیاوی دەرککردن، لێ خودی ئەم بڕوایە تەواو جیاوازە لە دەرککردنی سانا"، چونکە "بڕوا هەر

بابەتێکی خۆی وەک شتێکی تایبەتی تێدەگات. بڕوا هەمیشە توخمی ئەوتۆ لەخۆدەگرێت کە لە دەرککردنەوە نەهاتوون" ([12]).

کەرتەهێڵی شتە مادییەکان ڕاستەوخۆ لکاوە بە کایەی هۆشەکییەوە، واتا بە کەرتەهێڵی سێیەمەوە. کەواتە ڕۆڵێکی نێوەندیار لە نێوان هەردوو کایەی ئەزموون و هۆشەکیدا وەردەگرێت. لەم ڕوانگەیەوە "شتە مادییەکان دوو جار لە پەیوەندیی هێڵەکەدا دەردەکەون، لێ هەر جارەیان بە کاراییەکی جیاوازەوە: شتەکان وەک هاوبەندی کەرتەهێڵی دووەم دەشێت بابەتی دەرککردن بن، یان بەتایبەتی بابەتی بڕوا بن"، بۆ نموونە کاتێک مرۆ گوتەیەک بە یاریدەی هەڵگیراو (پرێدیکات / مەحمول) لەبارەی ئەوان دەردەبڕێت ("سێوەکە پێگەیشتووە")، لێ "لە لایەکی دی دەشێت شتەکان وەک دەروێنە وەربگیرێن، لەم حاڵەتەشدا ئەوان چیدی وەک بابەت مەبەست نین، بەڵکو ناڕاستەوخۆ لە کاراییاندا وەک دەروێنە" ([13]) مەبەستن، بۆ نموونە ڕووبەری زەویی ژوورێک وەک دەروێنەی چوارلایەکسانی ماتماتیکی وەردەگیرێت.

گریمانەکان لە کەرتەهێڵی سێیەمدا "دەرچەن بە مۆرکێکی ئۆبژێکتییەوە" ([14])، بە واتایەکی دی، ماتماتیکییەکان خۆیان بە تێگەوە خەریک ناکەن، بەڵکو بە شتە مادییەکانی شیاوی دەرککردنەوە، واتا بە شێوە ئەندازەییەکانی وەک ڕاست و چەماوە، سێ جۆرەکەی سێگۆشە و شێوەی دیکەی ئەندازەییەوە، لێرەشدا تێگەی ئەو شێوانە (سێگۆشە، هاوکێشە و هتد) وەک پێشمەرج دادەنێن. ماتماتیکییەکان لە دانانی تێگەکاندا پێشبینی دەکەن کە گوایا زانینێکیان لەبارەی ئەوان هەیە، لێ ئەوان بە دیدی پلاتۆن تەنیا وەک گریمانە دایاننناون، چونکە ئەوان لە جیهانی ئەزموونەوە گۆڕان بە هزردۆزەکانیان دەدەن. بۆ نموونە ئەوان بابەتێک ناودەنێن چوارلایەکسان، لێ ئەو بابەتە هەرگیز بەڕەهایی چوارلایەکسان نییە، بەڵکو لە چوارلایەکسان دەچێت. یان بۆ نموونە "هاوکێشەی ماتماتیکی تەنیا وێنەی خودی هاوکێشەیە و هەرگیز پێی یەکانگیر نییە، چونکە هاوکێشەی ماتماتیکی هەمیشە ڕوودەکاتە پەیوەندییە چەندێتییەکان، لێ ئیدێی 'هاوکێشە' خۆی لە سەرووی چەندێتی و چۆنێتیشەوە دەبینێتەوە. هاوکێشەیەک لە جیهانی ئەزموندا هەمیشە تێکەڵە بە ناهاوکێشە" ([15]).

ماتماتیکییەکان لای پلاتۆن برێک لە بوونەوەری هەمیشە هەبوو تێگەیشتوون. پلاتۆن بۆ ئەم پەیوەندییەی ماتماتیکییەکان بە بوونەوەرەوە خوازەی "خەون" بەکاردەهێنێت: هەتا ئەو کاتە کە ماتماتیکی خۆی بە گریمانەوە خەریک بکات، ئەوا تەنیا خەون بە بوونەوەری هەمیشە هەبووەوە دەبینێت و هەرگیز ناتوانێت لە کاتی بێداریدا بیبینێت ([16]). خەونبین نازانێت کە ئەو خەون دەبینێت، جگە لەوە تەنیا خۆی پێگەیەکی ریال بە وێنەی خەونەکانی دەدات بەبێ ئەوەی وێنەکان شایانی ئەو پێگەیە بن. ئاخر خەون ریال نییە، بەڵکو تەنیا خەونە ([17]).

پلاتۆن بە تێگەی 'مێتێکسیس' (بەشداریکردن) دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی هزر بەبێ بازدان هەنگاو بنێتە نێو کایەی پەتیی هۆشەکییەوە. یەکەم کایەی هۆشەکی، واتا ماتماتیک کە جۆری مەئریفەکەی گریمانەیە، رۆڵی نێوەندیار وەردەگرێت. هزرمەند لە خۆڕەخنەی مەئریفەدا، یان بە واتایەکی دی لە پشکنینی مەئریفەدا دەبینێت کە هۆش لە جیهانی ئەزموونداا تەنیا "ڕا"یەکی لەبارەی شتەکان هەیە، واتا لەبارەیان نازانێت، چونکە شتەکان تەنیا دیاردەن (دەروێنەن) و بەمەش تەنیا بابەتی دەرککردنن، لێ هزرمەند هاوکات دەبینێت کە بە یاریدەی شتەکان "هەبوون"ی کەرتەجیهانێکی هۆشەکی ڕووندەبێتەوە کە کایەی ماتماتیکە. ئەمە کایەیەکی ئەوتۆی بوونەوەرەکانە کە ماتماتیکییەکان وەک پێشمەرجی دیاریکردن و رێکخستن دایدەنێن. هەبووە ماتماتیکییەکان کە کەمترین ناتەواوییان تێدا نییە، تەنیا کاتێک لە هەبوونی ڕاستەقینەیاندا دەناسرێن، گەر وەک دەسوێژی کارکردن و فێرکاری وەرنەگیرێن، بەڵکو وەک ئاستێکی ئەوتۆی مەئریفە دابینبکرێن کە لێوەی هزرمەند بتوانێت لەنێو هەبوونی خۆیاندا لێیان تێبگات. بەم شێوەیە هێدی هێدی تێگەکان لە هۆشی هزرمەنددا دێنە ئاراوە، لێ ئەو جارێ پێویستە رێکخراویی هەرەمییان بناسێت. هزرمەند بە هێزی دیالێکتیک ئەو پلەیە جێدەهێڵێت کە تێیدا ماتماتیکییەکان چەقیون.

کەواتە دیالێکتیکی خۆی لە کەرتەهێڵی چوارەمدا بە گریمانەوە خەریکدەکات، لێ ئێستا بە پێچەوانەی ماتماتیکییەکانەوە گریمانەکان بە پرنسیپی ڕاستەقینە دانانێت، بەڵکو وەک خودی خۆیان، واتا وەک گریمانە وەریان دەگرێت. ماتماتیکی و دیالێکتیکی هەردووکیان بە بابەتەکانی هزرەوە خەریکن، لێ هاوکات بەهۆی ئاڕاستەیانەوە ڕووەو بابەتەکانی هزر لە یەکتری جیادەبنەوە. دیالێکتیکی دەتوانێت بە

پێچەوانەی ماتماتیکییەوە زانینی خۆی و توخمەکانی ئەو زانینەی ڕوونبکاتەوە، لێ ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت کە ئەو شتێکی گریمانەکراو وەک دەرەنجام بباتەوە و بسەلمێنێت. دیالێکتیکی خۆی لە ناوەرۆک و مێتۆد و سەرەنجامی ئەو دیسپلینانە بەدوور دەگرێت کە تایبەتن بە سێیەم کەرتی هێڵەکە، لێ سەرەڕای ئەمە دەتوانێت مەئریفەی نەهەنگێوەری ماتماتیکییەکان بناسێتەوە و ڕاستبکاتەوە ([18]) — ئاخر ئەو خۆیشی بەنێو ئەو بوارەی ماتماتیکدا تێپەڕیوە و هەنگاوی ناوەتە نێو کایەی ئیدێکانەوە.

ئیدێکان بونیادێکی هەرەمییان هەیە: لە توێژی ژێرەوەی ئەم هەرەمەدا بۆ نموونە ئیدێکانی گوڵە هێرۆ، ژاڵە، ئەسپ، پشیلە، کۆتر، چۆلەکە و هتد هەن، توێژی سەروویان پێکدێت لە ئیدێکانی ڕووەک، شیردەر، باڵندە، لە سەرووی ئەمانەوە ئیدێی زیندەوەر و لە سەرووی ئەمیشەوە ئیدێی ژیان هەیە، دوا پلەی ئەم هەرەمە بریتییە لە ئیدێی بوون. هەموو شتێک لە جیهانی ئەزموونداکە جیهانی تایبەتێتییە زۆرەکانە، تەنیا دەروێنەی ئیدێیەکە. لە ئیدێی گوڵە هێرۆدا هەموو گوڵە هێرۆکانی جیهان بەشدارن. لە ئیدێی گوڵدا هەموو گوڵەکان. ئیدێی گوڵ گشتیترە لە ئیدێی گوڵە هێرۆ، ئەمیش گشتیترە لەو گوڵە مادییە کە ناوی دەنێین هێرۆ. مەرجی ئیدێی گوڵە هێرۆ بریتیە لە ئیدێکانی گوڵ، ڕووەک، زیندەوەر، بوون. لێ بۆ ئەوەی ئیدێی گوڵە هێرۆ بتوانێت خودی ئەم ئیدێیە بێت، ئەوا پێویستە لەتەک خۆیدا یەک بێت و هاوکات لە ئەوانیدی جیاواز بێت. کەواتە مەرجی دیکەی گوڵە هێرۆ بریتین لە ئیدێکانی ئیدێنتیتێ / شوناس و جیاوازی. بەم پێیە دەبێت ئیدێی بوون (کرۆک، ئووسییا) بریتی بێت لە باڵاترین یان گشتیترین ئیدێ، چونکە هەر شتێک کە هەیە، بەدەر نییە لە بوون. کەواتە ئیدێکان دەتوانن "تێکەڵ بە یەکتری ببن بەبێ ئەوەی خۆجۆرییەکەیان بدۆڕێنن. بۆ نموونە کاتێک ئیدێکانی یەکایەتی، زۆرێتی، ئیدێنتیتێ/شوناس، جیاوازی، بوون، نەبوون و هتد، نێویەکییانە چ وەک بابەت (سەبژێکت) و چ وەک هەڵگیراو (پرێدیکات) کارا دەبن، ئەوا بەسەر ئەو ڕۆڵە جیاوازەدا کە وەریان گرتووە، بۆ لای خۆیان دەگەڕێنەوە و سەرەڕەڕای ئەم ئاڵوگۆڕەیان شوناسی خۆیان دەپارێزن. بۆ نموونە یەک (ئەلواحید) وەک بابەت نەک تەنیا بەڕێی زۆرێتیی هەڵگیراوەکانی وەک بوون، ئیدێنتیتێ، جیاوازی و هتد دیاری دەکرێت، بەڵکو ئەو خۆیشی وەک هەڵگیراوی ئەوان یەکایەتییەکەی دەپارێزێت.

کەواتە ئیدێکان سەرەڕای بزووتنیان هێشتا هەر وەک خۆیان دەمێننەوە" ([19]). ئیدێکان لای پلاتۆن ئەوەن کە ئەوان لە بنەڕەتدا ئەوەن. ئەوان سرەوتوون، لێ لەبەر ئەوەی هەردەم لە ئیدێیەکی دیکەدان، ئەوا دەبزوێن، بۆ نموونە یەک (ئەلواحید) چە لەنێو خۆی و چە لەنێو ئەویدیدایە، کەواتە دەبێت بەگوێرەی ئەم سروشتەی ببزوێت و بسرەوێت. کاتێک یەک لەنێو خۆیدایە، ئەوا سرەوتووە، لێ لەبەر ئەوەی یەک هەمیشە لەنێو ئەویدییەکدایە، ئەوا هاوکات دەبزوێت.

لە بنەڕەتدا ئیدیێ چاکە "ئامانج"ی دیالێکتیکییە ([20]). لێرەدا دەکەوینە بەردەم مەبەستی هەڵچوونی ئاوەز بۆ نێو کایەی پەتیی هۆشەکی. ئەم هەڵوچوونەی ئاوەز تەنیا کاتێک مەغزایەکی دەبێت گەر "مەبەست"ی هەڵچوونەکە کە روانینە لە ئیدێی چاکە، بەدیبهێنرێت.

وەک لە سەرەوە بینیمان، دیالێکتیکی ناتوانێت بەبێ گریمانەکان بچێتە نێو کایەی ئیدێکانەوە، لێ دیالێکتیکی دەبێت بەئاگابێت لەوە کە "زانینی ئەو لەبارەی ئیدێکان بەندە بە گریمانەی نەسەلمێنراوی ئیدێکانەوە"، بۆیە گەر لەم دۆخەدا بچەقێت، ئەوا "زانینەکەی لە کۆتاییدا هەر گریمانەیی دەبێت" ([21]). لەم روانگەیەوە پێویستە "دیالێکتیکی (...) لە گریمانەی ئیدێ و زانینی ئیدێ تێپەڕبکات (...). گەر فەیلەسوفی ئیدێ لەنێو جیهانی ئیدێکاندا بمێنێتەوە، ئەوا لە ڕووی پرنسیپەوە هیچ جیاوازییەکی لە ماتماتیکی نابێت کە قایلە بە زانینی گریمانەیی خۆی. تەنیا گەر ئەو سنووری جیهانی ئیدێکان ببڕێت، ئەوسا دەچێتە نێو کرۆکەوە"، ئەوجا ڕوو لەو جێیە دەکات کە تایبەتە بە "ئیدێی چاکە. لەوێدا دیالێکتیکی دەپرسێت کە داخۆ زانینی ئیدێکان چە مەغزا و مەبەستێکی (...) هەبێت" ([22]).


دیالێکتیکی ڕوودەکاتە "ئامانجێکی چەسپ"، واتا "هەرە یەکەمین بنەمای بێمەرج" ([23]) کە ئیدێی چاکەیە و "بناغە بە هەموو ئیدێکان دەدات" ([24]). لێ "بنەمای بێمەرج" لە بنەڕەتدا تەنیا دەستەواژەیەکی دیکەیە بۆ ڕەهایەتیی (موتڵەقیەتی = لێجیابوٚوەیی) ئەم ئیدێیە، چونکە بەند نییە بە پێشمەرجی دیکەوە، وەک چۆن ئەمە لە ڕەوشی ئیدێکانی دیکەدا بەدی دەکرێت کە سەراپا هەبوون و کرۆکیان لە ئیدێی چاکەوە وەردەگرن. ئەم ئیدێیە "لە سەرچاوە بەدەرە" و هیچ ئیدێیەک "پێش بوونی ناکەوێت"، کەواتە ئیدێی چاکە "ئۆنتۆلۆجیانە لەپێشترە" ([25]). هەموو ئیدێیەک بوونی هەیە، کرۆکی بە

خۆ تایبەتی هەیە و بەڕێی ئەم بوونەیەوە لە هەر ئیدێیەکی دی جیادەبێتەوە، لێ "بوون هەمیشە بناغەیەکی گەرەکە"، بە پێچەوانەی ڕەهاوە (ئەلموتڵەق) کە تەنیا "بەڕێی خۆیەوە هەیە و بۆیە لەوبەر سەرجەم بوونەوەیە" ([26]). لەم روانگەیەوە شێوەی ناسینی ئیدێی چاکە جیاوازە لە شێوەی ناسینی ئیدێکانی دی.

ئێستا پتر لە وەڵامی ئەو پرسیارە نزیککەوتووینەتەوە کە بۆچی سۆکرات لە پرسیاری ئیدێی چاکەدا هانا بۆ لێچواندن دەبات: ئیدێی چاکە شیاوی دیاریکردنی تەواوەتی نییە. ئەو تەنیا شیمانەیەکە بۆ ناسینی ئیدێ، یان دوا ئامانجی مەئریفەیە کە بەها بە مەئریفە و کردار دەدات. "ئیدێی چاکە خۆی لە هەموو دیاریکردنێکی مێتافیزیکی بەدووردەگرێت. ئەوبەرێتییەکەی واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت کە ئەو بەبێ هیچ گومانێک ئیدێیە، لێ نابێت هەمان مامەڵەی ئیدێکانی دیکەی لەتەکدا بکرێت. پەیوەندییە بەدیهێنەرەکانی ئەو بە ئیدێکانی دیکە و توانستی هزرینی ئێمەوە بەس نین بۆ ئەوە کە کرۆکی حەشاردراوی چاکە ڕوونتر پێشان بدرێت. ئێمە تەنیا کاتێک دەتوانین بڕیارێکی لەبار بەسەر پلاتۆندا بدەین، گەر ئێمە لێچواندنەکە لە کرۆکی چاکەوە نەخوێنینەوە، بەڵکو لە پەیوەندیی نێوان ئیدێی چاکە و ئیدێکانی دیکەوە بیخوێنینەوە (...). کەواتە ئەدگاری 'مێتافیزیکیانە'ی ئیدێی چاکە جیاوازە لە ئیدێکانی دی. بەم ئیدێیە چە ئۆنتۆلۆژیانە و چە ئێپیستێمۆلۆژیانە کارایی دەدرێت، کە کاراییەکی مێتافیزیکییە، لێ مێتافیزیکیانە ڕووناکرێتەوە" ([27]). ئێمە پێویستە ئیدێی چاکە لای پلاتۆن لە واتایەکی فەلسەفەییدا وەربگرین وەک "ئەو هۆکارە، کە بەشداریی (مێتێکسیس) لە چاکەدا دەشێنێت، چونکە ئەو لە-خۆدا-چاکە و وەک چاک بێبەخیلییە" ([28]). کەواتە لێچواندنی هێڵ (و لێچواندنەکانی دی) نابن بە دەروویەک ڕووەو ئیدێی چاکە. "ئامانجی لێچواندنەکان ئاشکراییەکی حەدەسییە (ئینتوئیتیڤە) نەک بەڵگەی زانستی" ([29]).

لێ دوای ئەوە کە دیالێکتیکی لە بناغەی بێمەرج تێدەگات، ئیدی دادەبەزێت بەبێ ئەوەی لە دابەزیندا هیچ بابەتێکی شیاوی دەرککردن وەک دەسوێژ وەربگرێت. ئەم دابەزینە بۆ ئاوەز دەلوێت، چونکە لەنێوان ئیدێکاندا پەیوەندییەکی هەرەمی هەیە. پلاتۆن ئەم پەیوەندییە بە مێتۆدی دابەشاندن (دیهەیرێزیس) ڕووندەکاتەوە: مێتۆدی دیهەیرێزیس بریتییە لە دابەشاندنی ئیدێی گشتیتر بەسەر ئیدێی

تایبەتیدا و بەم رێیەوە دەتوانین بە پێناسە بگەین. لێ لێرەدا پێویستە ڕەچاوی هەڵبژاردنی ئیدێیەک و پێگەی ئەو ئیدێیە لە ریزی ئیدێکاندا بکەین، واتا پێویستە لە گشتیترین ئیدێوە، بۆ نموونە لە زیندەوەرەوە، دەستپێبکەین و بە جیاکردنەوەی جیاوازی هەنگاو ڕووەو ناوەرۆکێک بنێین کە چیدی شیاوی دابەشاندن نییە. بەم شێوەیە زنجیرەیەکی پێناسەیی سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە "زیندەوەری دووپێی بێباڵی بمر" دەبێت بە پێناسەی مرۆڤ. پنتی دەستپێکردنی دیهەیرێزیس لە 'دەوڵەت'دا ئیدێی چاکەیە، کە پاشان دابەزینەکە بە شێوەیەکی دیشۆتۆمی (جووتفاقی) بەردەخرێت هەتا هۆش بەو کایەیە دەگات کە تایبەتە بە دیاریکردن.


A
ئیدێ
ئاوەز
شیاوی ناسین
زانین
B
بابەتە ماتماتیکییەکان
زەین
C
بابەتەکان
بڕوا
ئەوە کە دیارە
بۆچوون
D
سێبەر
وادانان
E

## تەوەری سێیەم: لێچواندنی ئەشکەوت

### بڕگەی یەکەم: داڕشتنی لێچواندنەکە

لێچواندنی ئەشکەوت لە بەشی حەوتەمی دیالۆگی 'دەوڵەت'دا دەستپێدەکات، لێ پێویستە پەیوەند بە دوو لێچواندنەکەی پێش خۆیەوە وەریبگرین.

لە ئەشکەوتێکی ژێرزەمینیدا کۆمەڵێک مرۆڤ دەژین. ئەم مرۆڤانە لە منداڵییەوە لە کۆت و زنجیر نراون، کە ئیدی نە دەتوانن هەستنە سەر پێ و ببزوێن، نە دەتوانن ملیان بە ئەملا و ئەولادا بگێڕن. لە پشت سەری ئەم دیلانەوە بەبەرزی ئاگرێک دەسووتێت و تاکە سەرچاوەیەکە کە ڕوناکییان بۆ دەپەخشێنێتە نێو ئەشکەوتەکەوە. لە نێوان ئاگرەکە و ئەم دیلانەدا ڕێگەیەک بۆ سەرەوە ڕووەو دەرەوەی ئەشکەوتەکە هەڵکشاوە و بە دیوارێکی نزمی لەمپەرئاسا لێیان دابڕاوە. لە دیوی پشتەوەی ئەم دیوارەدا کۆمەڵێک پیادە بەپاڵیدا ڕادەبوورن کە بە کۆڵ بابەتی تاشراویان لە دار و بەرد و کەرەسەی دیکە هەڵگرتووە و بابەتەکان لە قەراغی دیوارەکە بڕیانکردووە. هەندێکی پیادەکان دەدوێن، ئەوانی دیکەیان بێدەنگن.

دیلەکان لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەژین کە هەرگیز هیچی دیکەیان جگە لەو سێبەرانە نەبینیوە کە ڕوناکیی ئاگرەکە لەسەر دیوارێکی بەرانبەریان دەیانخاتەوە: سێبەری ئەو بابەتانە کە پیادەکان بە کۆڵ هەڵیانگرتوون، یان سێبەری خۆیان و یەکتری. ئەوان تەنانەت وشە دەنگدراوەکانی خۆیان و پیادەکان بە هینی سێبەرەکان دادەنێن.

ئێستاش پلاتۆن دەپرسێت کە بەردانی ئەم دیلانە چە سەرەنجامێکی دەبێت! یەکێک لەم دیلانە لە کۆت و زنجیر دەکرێتەوە، ئەوجا ناچار دەکرێت هەستێتە سەر پێ و ڕووبکاتە ڕوناکیی ئاگرەکە. ئاشکرایە ئەم مرۆڤە کە هەرگیز لە شوێنی خۆی هەڵنەستاوە و ملی بە ئەملا و ئەولادا نەگێڕاوە، هەست بە ژانی جەستەی دەکات، هەروەها بەهۆی درەوشەی تیشکی ئاگرەکەوە ناتوانێت سەرجەم ئەو

شتانە ببینێت کە هەتا ئێستا سێبەریانی بینیبوو. گەر ئێستا کەسێک پێی ببێژێت، هەموو شتەکان کە ئەو هەتا ساتی ئازادبوونی بینیونی، تەنیا دیاردە بوون و ئێستاش دوای ئازادبوونی کەمێک لە بوونەوەر نزیککەوتۆتەوە، چونکە ئێستا بە چاوی خۆی ئەو بابەتانە دەبینێت کە بە کۆڵی پیادەکانەوەن، ئاشکرایە ئازادکراو باوەڕ ناکات. ئەو تەنانەت ناوی بابەتەکان نازانێت و سێبەری بابەتەکان بە هەقیقیتر دادەنێت لە سێبەرخەرەوەکان. ئازادکراو شێواوە. لێ گەر ئێستا وازی لێنەهێنرێت و ناچاربکرێت لە ئاگرەکە بڕوانێت، ئەوا ژان چاوەکانی دەتەنێت و یەکسەر هەوڵ دەدات بەرەو پاش ڕووەو ئەو جیهانە بگەڕێتەوە کە لە منداڵییەوە ناسیوێتی: سێبەر و دیوارەکە. لێ ئازادکراو ڕێی ئەوەی پێنادرێت، نەک ئەوەش، بەڵکو تەنانەت بەسەر ئەو ڕێگە سەختەدا سەردەخرێت هەتا دەگەیەنرێت بە ڕوناکیی دەرەوەی ئەشکەوتەکە. ئازادکراو لە دەرەوە بەرگەی تیشکی بەتینی خۆر ناگرێت و ژان چاوەکانی دەتەنێت. چاوەکانی پێویستە ڕابێن. دوای ئەوە کە ئازادکراو هێوردەبێتەوە، ئیدی دەرفەتی بۆ دەڕخسێت بەئاسانی لە سێبەر یان بابەتی وێنەدراوە بڕوانێت، ئەوجا دوای ئەوە دەتوانێت خودی شتەکان بناسێتەوە. ئازادکراو ئێستا لە ئاسمان دەڕوانێت، لێ جارێ بە شەو باشتر دەبینێت وەک بە ڕۆژ. بە شەو لە تروسکەی ئەستێرەکان دەڕوانێت، لە تریفەی مانگ، ئەوجا دوای ڕاهاتنی چاوەکانی بۆی دەلوێت بە ڕۆژ لە تیشکی خۆر و لە کۆتاییدا تەنانەت لە خودی خۆر بڕوانێت. ئێستا خۆر لە شوێنی ڕاستەقینەیدا دەبینێت و کرۆکی دەناسێت، ئاخر ئێستا دەزانێت ئەوە خۆرە کە ڕوناکی دەپەخشێنێتە نێو ئەشکەوتەکەوە و سێبەرکان دەخاتەوە — ئەو سێبەرانە کە ئەو لە منداڵییەوە دەیبینین و بە هەقیقەتی ڕەهای دادەنان!

ئازادکراو زۆر شادمانە بەم ئەزموونەی، لێ کاتێک لە هاومرۆڤانی خۆی و داناییەکانیان دەهزرێت، بەزەیی پێیاندا دێتەوە. ئەو تەنانەت بەزەیی بەو دانا هاوئەشکەوتیانەدا دێتەوە کە بە بڕوا و پەرۆشەوە خەریکی ڕاڤەی سێبەر و دەنگەکانن، یان پێکەوە بەردەوام دانوستانیان لەبارەوە دەکەن. گەرچی ئازادکراو تاسەی گەڕانەوەی بۆ لای ئەوان نییە، سەرەڕای ئەمە لە سەرجیهان نامێنێتەوە، بەڵکو بۆ خوارەوە بۆ نێو ئەشکەوتەکە دادەبەزێت تاکو لە دانوستانی داناکاندا بەشداری بکات. لێ ئەوە کە ئازادکراو دەیبینێت و دیاریی دەکات، جیاوازە لە دیدی ئەوان، بۆیە دەبێت بە مایەی

گاڵتەجاڕی. دیلەکانی نێو ئەشکەوتەکە پێیڕادەبوێرن و بە تەوسەوە پێی دەڵێن، کە گۆیا چاوەکانی بەهۆی جێهێشتنی نشینگەی سەرچاوەیی خۆیەوە تێکچوون. ئازادکراو سەرەڕای ئەوە کۆڵ نادات و لەگەڵیاندا دەکەوێتە شەڕ، بەمەش ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە: ئاخر گەر هەوڵ بدات ئەوانیش لە کۆت و زنجیر ئازاد بکات و ڕووەو سەرچاوەی روناکیی نێو ئەشکەوتەکەیان بەرێت، ئەوا ڕەنگە بیکوژن.

**بڕگەی دووەم: ڕوونکردنەوەی لێچواندنەکە**

پلاتۆن خوازەی ئەشکەوت بۆ جیهانی دیار بەکاردەهێنێت، دەرەوەی ئەشکەوتەکە نیشانەیە بۆ جیهانی هۆشەکی. ڕوناکیی ئاگر خوازەیە بۆ هێزی تیشکی خۆر کە خۆیشی خوازەیە بۆ ئیدێی چاکە. سێبەری سەر دیوارەکەی بەرانبەریان خوازەیە بۆ وێنەی بابەتەکانی جیهانی ئەزموون، سێبەر و وێنەدراوەکانی دەرەوەی ئەشکەوتەکە وێنەی ماتماتیکن وەک پێشمەرجێک بۆ هزرینی تێگەیی. مرۆڤەکان وێنەی دەروونن کە لە سێ بەشی دانایی و سۆز و ڕەمەک پێکدێت. هەڵچوونی ئەشکەوتییەکە بۆ سەرەوە و ڕوانین لە دیاردەکانی ئاسمان واتای هەڵچوونی ئاوەزە ڕووەو جیهانی هۆشەکی. دوا کۆتایی ئەم جیهانە ئیدێی چاکەیە کە هۆش لێی دەڕوانێت و تێیدەگات.

پلاتۆن لە لێچواندنی هێڵدا چوار پلەی مەئریفە دیاری دەکات کە بریتین لە بۆچوون، بڕوا، گریمانە و تێگە، لێ ئەم پلانەی مەئریفە لە لێچواندنی ئەشکەوتدا دەبن بە ڕێگەی پێگەیشتنی ئەو فەیلەسوفە کە گەرەکە ببێت بە سەرۆکی دەوڵەت. کەواتە مەئریفە لای پلاتۆن لە بنەمایەکی بێفەزاوە نایەتەگۆڕێ، وەک چۆن لە فەلسەفەی سەردەمی نوێی ئەوروپیدا دەیبینین، بەڵکو لەو شوێنەوە دێتەگۆڕێ کە دیلەکە تێیدا دەژی و خۆی بە سێبەر و دەنگی دراوەی نێو ئەشکەوتەکەوە خەریککردووە. ئەو لە سەرەتاوە تێگەیشتنێکی تایبەتیی جیهانی هەیە و لێوەی ڕێگەی ڕووەو راستی دەگرێتە بەر. لێ پلاتۆن داوا دەکات کە پێویستە ئازادکراو زۆر لەسەرخۆ ڕێگەی رووەو ئەم ئامانجە بگرێتە بەر. کەواتە نابێت لە نیوەی ڕێ لە خۆی بایی ببێت و وا بزانێت بووە بە مامۆستای هزر یان بە فەیلەسوف.

ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆتی نەزانین یەکەم هەنگاوە بۆ ئەوەی بزانرێت کە جیهانی بە هەقیقەت دانراو تەنیا جیهانی سێبەرە، ئەم ڕزگارکردنەش بەزۆر بەدیدەهێنرێت، چونکە تەنانەت دوای ئەوە کە ئەشکەوتییەکە لە کۆتی نەزانین کراوەتەوە و بە چاوی خۆی بابەتی سێبەرخەرەوە دەبینێت، هێشتا هەر باوەڕ بەم ڕاستییە ناکات، چونکە لەنێو خووی جیهانەکەیدا 'ڕاهاتووە' و لە ڕاهاتنەوە بڕیار دەدات کە چی ڕاست و چی ناڕاستە. بۆیە پلاتۆن داوا دەکات کە پێویستە فێرکردن و پەروەردە لەسەرخۆ بەربخرێن، ئەوەش مێتۆدی دیالێکتیکیە وەک تاکە مێتۆدێکی فەلسەفە کە چاوی جەستەیی لە جیهانی سێبەر و ئەزموونەوە ڕووەو بوونەوەری هەمیشە هەبوو وەردەچەرخێنێت.

ئێمە پێویستە لە لێچواندنی ئەشکەوتدا دوو ئاڕاستەی جیاوازی بزووتن دیاری بکەین: بەرزبوونەوەی کەسی ئازادکراو ڕووەو سەرجیهان و ئەوجا دابەزینی بۆ لای هاوئەشکەوتیەکانی. "ئەم بزووتنانە ڕووداون" و ئەشکەوتییە ئازادکراوەکە ناچاردەکەن "ڕاهێنان بە چاوەکانی بکات لە تاریکییەوە بۆ ڕوناکی و لە ڕوناکییەوە بۆ تاریکی. هەر جارە چاو لەبەر هۆی جیاواز دەشێوێت" ([30]). لێ چۆن پێویستە چاوی جەستەیی هێدی هێدی بۆ ڕوانینی دروست ڕابهێنرێت، بە هەمان شێوە پێویستە هۆش خۆی بۆ نێو کایەی بوونەوەر ڕابهێنێت. ڕاهێنان بۆ نێو کایەی هۆشەکی بەدیدێت گەر هۆش سەرجەمیانە بە ئاڕاستەی بناغەیی تەقەلاکەی وەربچەرخێنرێت ([31]).

لێ ئامانجی فەلسەفە لای پلاتۆن تەنیا ڕوانین نییە لە ڕاستییە سەرمەدییەکان، بەڵکو هاوکات وەرگرتنی هەڵوێستە لەنێو جیهانی ژیاندا بەرانبەر ئەشکەوتییەکان. بەمەش دیدی ڕۆشنی ڕاستییەکان و دیدی ناڕۆشنی جیهانی سێبەر کە بە ڕاستی دانراوە، دەکەونە ناکۆکییەوە. ئەم ناکۆکییە یەکلادەبێتەوە گەر فەیلەسوف ببێت بە دەسەڵاتداری دەوڵەت و لەنێویدا پەیوەندیی بەداد بسەپێنێت — بە هەر کەسێک ئەوە بدات کە پێی دەگونجێت.

**بەشی سێیەم: راڤەی سێ لێچواندنەکە**

،،نامەی حەوتەم،،ی پلاتۆن، کە دەمەو کۆتایی ژیانی نووسیوێتی، واتایەکی جەوهەریی بۆ تێگەیشتن لە هزری ئەو وەردەگرێت، چونکە ئەم نامەیە برێکی زۆر پرسی ژیاننامەیی سەبارەت بە ئەو لەخۆدەگرێت. پلاتۆن لەم نامەیەدا دەنووسێت: لەو کاتەوە کە ئەو بەسەر خودی خۆیدا سەروەر بووە، ویستوویەتی لە ژیانی سیاسیدا چالاک ببێت ([32]). لێ پلاتۆن کە بەهۆی رەچەڵەکیەوە ([33]) کەوتە نێوەندی ژیانی کولتووری و سیاسیی وڵاتەکەیەوە، لە سەردەمێکی تەنگژەییدا پێگەیشت. لەم سەردەمەدا خۆویستی و هەڵپەی دەسەڵات تەنیبوونەوە، بە تایبەتی ئەرِیستۆکراتزادەکان بە هەموو شێوەیەک هەڵپەیان بۆ دەسەڵات دەکرد و بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەیان بەدیبهێنن، وانەی تایبەتیی رِەوانبێژییان لە سۆفیستە مەزنەکانی ئەسینا وەردەگرت، تاکو فێر ببن چۆن پایەگایەک لە سیاسەتدا مسۆگەر بکەن. ئەوجا کاتێک پلاتۆن ساڵی 404 پ.ز. دەسەڵاتی سیی دیکتاتۆرەکە ([34]) و ساڵێک دوای ئەوە دەسەڵاتداریی دیمۆکراتەکان دەبینێت کە بە تۆمەتی "تێکدانی هۆشی لاوان و لادان لە ئایین" سزای مەرگ بەسەر سۆکراتی مامۆستایدا دەدەن، دەگات بە تێرِوانینێکی گرنگ و برِیاردەر بۆ باقیی تەمەنی:

"... لە کۆتاییدا پەیوەند بە سروشتی دەوڵەتەکانی هەنووکەوە بەو برِوایە گەیشتم، کە هەموویان خراپ حوکم دەکرێن، چونکە یاساکانیان هیچ شیمانەیەکی چاکسازی لە خۆ ناگرن، یان مەگەر پەرجوویەک بقەومێت و بەرِێیەوە لە رِیشەوە چاکبکرێن. بەم چەشنە هەستم کرد ناچارم ئیئتراف بە فەلسەفەی رِاستەقینە بکەم و پێشانی بدەم، کە گەر مرۆ لە فەلسەفەوە دەربچێت، ئەوسا بەتەواوی دەبینێت کە دادپەروەری لە دەوڵەت و ژیانی تایبەتیدا چییە، هەروەها مرۆڤایەتی لە بەدبەختییەکەی رِزگاری نابێت هەتا فەیلسوفانی رِەسەن و رِاستەقینە لەنێو دەوڵەتدا بە دەسەڵات نەگەن، یان هەتا نێوەندە دەسەڵاتدارەکانی شارەکان بەرِێی پەرجوویەکی خودایانەوە بە جیدی نەکەونە فەلسەفاندن" ([35]). فەلسەفە بۆ پلاتۆن دەبێت بە سەرچاوەی زانینی سەرجەم ئەو شتانە کە گەرەکە لە ژیانی سیاسی و کەسیی تاکدا چواندنیان هەبێت. هەر بۆیە پلاتۆن دەکەوێتە شەرِێکی نەبرِاوە (زۆر

جار یەکلایەنی و سۆفیستیانە) لە دژی هەموو ئەو کەسانە کە بە بڕوای خۆی "مەئریفەی ڕاستەقینە"یان لەبارەی بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ نییە، ئەم شەڕەشی بەتایبەتی ئاڕاستەی سۆفیستەکان دەکات.

ئایا چۆن مرۆڤ بە مەئریفە دەگات؟ ئەمە پرسیارە کرۆکییەکەی پلاتۆن بوو. ئەو لە دیالۆگی "کۆمار"دا (بەگشتی لە قۆناغی ناونجیی هزرینی خۆیدا) پرسیارەکەی سۆکرات لەبارەی بوونەوەرێکی سەرمەدی بە شێوەیەکی دی وەڵامدەداتەوە، واتا وەک سۆکرات لەنێو خۆیەتیی مرۆڤدا دایناتێت، بەڵکو بوونەوەری سەرمەدی لە دەرەوەی خۆیەتیی مرۆڤ، لە جیهانی ئیدێکاندا، دادەنێت. مرۆڤ تەنیا کاتێک بە مەئریفەی ڕوون و ئاشکرا دەگات، گەر چیدی بە دەرککردنی دیاردەکانی جیهان قایل نەبێت و وەک زانین دایانبنێت، بەڵکو لەبارەی بناغەی دیاردەکان بپرسێت. ئاخر ئەو دیاردانە تەنیا دەروێنەی ناکامیلن، بۆیە تەنیا بە مەئریفەی بناغەکانیان زامنێک بە هزر دەدرێت. کەواتە مرۆڤ پێویستە شرۆڤەی شیمانەکانی مەئریفە بکات هەتا بەو بناغانە دەگات کە جیهانی ئیدێ سەرمەدییەکانە. هۆی ئەم جیهانبینییەی پلاتۆن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاوەزگەراییە (ڕاسیۆنالیزم) کە ئەو نوێنەرایەتیی دەکرد: مرۆڤ تەنیا بەڕێی ئاوەزەوە بە مەئریفە دەگات، بە پێچەوانەی سێنسەکان کە ئۆرگانی دەرککردنی بابەتەکانی جیهانن و تەنیا دیاردەی شتەکان بە مرۆڤ دەگەیەنن. لێ ئاوەز توانستی بۆ هزرینی دروست دەبێت، گەر لە باڵاترین بنەمای بێمەرج تێبگات کە ئیدێی چاکەیە. پلاتۆن لە لێچواندنی خۆردا ئەم پرسەمان لە لایەک بە ڕێژەی جیهانی ئەزموون و چاو، لە لایەکی دی بە ڕێژەی ئاوەز و هێزبەخشەکەی مەئریفە کە ئیدێی چاکەیە، پێشان دەدات. ئەوجا لە لێچواندنی هێڵدا پەیژەی ئۆنتۆلۆژیانەی هەردوو جیهانی ئەزموون و هۆشەکی لە لایەک و پەیژەی ئێپیستێمۆلۆژی لە لایەکی دی دادەڕێژێت. فێرخوازی فەلسەفە پێویستە بە کاوەخۆ و هزرینی دیالێکتیکی هەنگاو بنێتە نێو خۆڕەخنەی مەئریفەوە، کەواتە هەموو پلەکانی مەئریفە لە وێنەکانەوە هەتا جیهانی شتەکان و بوونەوەرە ماتماتیکییەکان و جیهانی ئیدێکان شرۆڤە بکات، هەتا لە کۆتاییدا بە دوا بنەمای بێمەرج دەگات کە ئیدێی چاکەیە. کەواتە ئەو کەسە کە لە ئەشکەوتی نەزانییەوە ڕێگەی مەئریفە دەگرێتە بەر، پێویستە پشت بکاتە ڕوانگە و خواستە جیهانییەکانی، هاوکات لە نیوەی ڕێ بە مەئریفەی نیوەناچڵ

قایل نەبێت، یان تەنانەت لە خۆی بایی ببێت و وا بزانێت بووە بە مامۆستای هزر یان بە فەیلەسوف. ئەم مەترسییە هەردەم لەگۆڕێیە، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێت کە زۆر کەس دوای کەمێک دوورکەوتنەوەیان لە جیهانی سێبەرەکان لە خۆیان بایی دەبن و جاڕی فەیلەسوفێتیی خۆیان بە گوێی هەمووواندا دەدەن، لێ هێشتا هەر بە زمانی باوی نێو ئەشکەوتەکەیان دەدوێن.

لێ فەلسەفە لای پلاتۆن لە خزمەتی کرداری جیهانیدایە: "تیۆرییا"، واتا ڕوانینی هۆشەکی، لە کۆتاییدا بۆ مەبەستی کرداری پراکتیکییە. ئەو کەسە کە ئەشکەوتی نەزانین جێدەهێڵێت و لە کۆتاییدا، دوای گەیشتنی بە ئیدێی چاکە، دەبێت بە فەیلەسوف، تاکە کەسێتییەکە کە دەتوانێت کۆتایی بە ناڕێکخراویی کۆمەڵایەتی بهێنێت و بەمەش دەوڵەتێکی بەداد دابمەزرێنێت.

گەر لە دەروونناسییەکەی پلاتۆن بڕوانین، ئەوا باشتر تێدەگەین کە لە چە هەڵوێستێکی ناخەکییەوە ڕێگەی ڕووەو فەلسەفە (ی پلاتۆن) دەگیرێتە بەر و چۆن لە بواری پەروەردەدا بەگەڕدەخرێت. دیلەکان لە لێچواندنی ئەشکەوتدا وێنەی دەروونن. لەم ڕوانگەیەوە ڕزگارکردنی دیلەکە و سەرکەوتنی لە جیهانی داخراوی ئەشکەوتەکەوە ڕووەو سەرجیهان، وەرچەرخانی ئاڕاستەی دەروونە ڕووەو سەروەربوونی دانایی.

وەک گوتمان، دەروون لای پلاتۆن لە سێ بەش پێکدێت کە بریتین لە دانایی (سەر)، دلێری (دڵ)، ڕەمەک (لە زگ بۆ خوارەوە). پلاتۆن ڕاستەوخۆ ئەم تیۆرییەی دەروون لە تیۆریی دەوڵەتدا بەگەڕدەخات. لە دەوڵەتدا سێ چین ([36]) هەن: حوکمداران (فەیلەسوفەکان)، پاسەوانان کە دلێرەکانی دەوڵەتن، ئەوجا مشوورخۆرانی بژێوی کە بریتین لە کرێکاران، جوتیاران، بازرگانان، خاوەندارانی کارگە و فابریکە و کۆیلەکان. چینی سێیەم بەگوێرەی خوو و ئەزموونە ڕۆژانەییەکانی دەژی و بۆیە هەرگیز ناتوانێت ڕێگەی ڕاستی بگرێتە بەر، نەخێر، ئەم ڕێگەیە لە چینی سوپاوە شیاوی دابڕینە، چونکە لێرە پرۆسەی فێرکاری ڕووەو فەلسەفە و زانستەکانی دی بەردەخرێت. ئاخر لەبەر ئەوەی فەزیلەی دلێری لەنێوان دانایی و ڕەمەکدایە، ئەوا مەیلی بۆ هەردووکیان هەیە. ئەوە ئەرکی فەلسەفەیە کە کاریگەری لەسەر ئەم سۆزەی دلێری بنوێنێت و ئاڕاستەکەی ڕووەو دانایی وەربچەرخێنێت.

ئەو کەسە کە ڕووی لە سێبەری جیهانەکەی وەردەگێڕرێت و ڕووەو ڕاستی دەبرێت، پێویستە لە ڕووی خۆییەوە ئامادەباشیی بۆ ئەو مەبەستە تێدا بێت. ڕوونتر ببێژین، پێویستە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەبکرێت. ئەوە بەتایبەتی فەلسەفەیە (فەلسەفەی پلاتۆن) کە ئەو ئەرکەی پێدەسپێررێت. پێش ئەوەی ئەم کاریگەرییەی فەلسەفە ڕوونبکەینەوە، گەرەکە بڕوانین چۆن پرۆسەی فێرکاری بەردەخرێت و پاسەوانەکان بۆ بالاترین ئاستەکانی فێرکاری دەپالێورێن.

پاسەوانەکان دەبێت سەرەتا ژیانی ڕەبەن قبووڵ بکەن و چیدی نابێت هیچ داواکارییەکیان بۆ خاوەندارێتی تایبەتی هەبێت. پلاتۆن بۆ ئەمان تەنیا پەروەردەی دەوڵەت، بێخێزانی، ژیانی بەکۆمەڵ و موڵکایەتیی گشتی دیاری دەکات، چونکە کێ بۆ بەرژەوەندیی گشتی بژی، نابێت بەرژەوەندیی کەسیی هەبێت. ئەوجا لەنێو چینی پاسەوانانەوە بەتواناترینەکان هەڵدەبژێررێن و لە نێوان تەمەنی بیست هەتا سی ساڵیدا دەخرێنە بەر پەروەردەیەکی زانستی، کە هاوکات بە پەروەردەیەکی دی، واتا پێگەیاندنی لەش بە وەرزش، تەواودەکرێت. کێ لەنێو ئەم هەڵبژاردەیەدا باشترین بێت، بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستی بالا. پلاتۆن ئەم دەستەبژێرە ناو دەنێت "پاسەوانانی کامیل" و ئەرکەکەیان ئەوەیە کە ببن بە فەیلەسوف، تاکو دەوڵەتەکەی پلاتۆن بەڕێوەبەرن. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت پێنج ساڵی دی فەلسەفە، ماتماتیک، ئەستێرەناسی، هونەرە جوانەکان، لێ بە تایبەتی دیالێکتیکی فەلسەفەیی، بخوێنن. ئامانجی ئەم پەروەردە فێرکاریە ئەوەیە کە بگەن بە مەئریفەی سەرجەم یاسا و هەقیقەت و بەهاکانی جیهان. بەدووی ئەمەدا فەیلەسوفەکان مافیان هەیە ڕاپبگەیەنن کە زانینی ڕاستییان هەیە، بۆیە ماف بە خۆیان دەدەن کە کێشەکان ڕاڤە بکەن و یاساکان ڕوونبکەنەوە، لێرەشەوە دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت داوای دەسەلاتداریی دەوڵەت بکەن. فەیلەسوفەکان بەگشتی پازدە ساڵ لە پایەگا بەرزەکانی دەوڵەتدا خزمەت دەکەن، لێ لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا لە خزمەتی دەوڵەت دەکشێنەوە و لەم کاتە بەدواوە تاکە خزمەتێکیان بۆ دەوڵەت راوێژکاری دەبێت لە پێناوی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا.

گەر لێچواندنی ئەشکەوت وەک نموونەی پێگەیشتنی فەیلەسوف وەربگرین، ئەوا دەبینین کە پرۆسەی فێرکاری بە ڕوونکردنەوەی وێنە و سێبەرەکان بەردەخرێت، کەواتە لەم پلەیەوە کە دەروێنەی داکەوتێکی دەروێنەییە، ویست بۆ دۆزینەوەی ڕاستی دەبزوێنرێت. ئێمە دەتوانین پێشبینیی 'نێوەندێکی

وەرگرتن' بکەین، کە پسپۆڕیانە بەگوێرەی فەلسەفەی ئیدێکانی پلاتۆن وریاترین و هۆشبزواوترینی پاسەوانەکان تاقیدەکاتەوە و بۆ باڵاترین پلەکانی فێرکاری دەیانپاڵێوێت. گەر بمانەوێت لەم پرسە نزیکبکەوینەوە، ئەوا گەرەکە دەرچەیەک لە ناخسەنگینییەوە (Besonnenheit) دابین بکەین کە لەپاڵ دادپەروەری و دلێری و ئیمانداریدا فەزیلەیەکی سەرەکییە. پلاتۆن بە پێویستی دەزانێت کە مرۆڤ سەرەتا لە ناخی خۆی بڕوانێت، چونکە تەنیا لەوێ ڕاستی ئاشکرادەکات، ڕاستیش مەئریفەی بوونەوەرە سەرمەدییەکانە کە یاریدەی دەدات راڤەی خودی ئەو بوونەوەرانە بکات. لێ مرۆڤ ئەمەی بۆ دەلوێت گەر بەڕاستی بەڕەوشت بێت. کەواتە کاتێک مرۆڤ لە ناخی خۆی دەڕوانێت، ئەوا لەوێ مەئریفەی گشتێتییەک دەبینێتەوە. بۆ نموونە گەر مرۆڤ لە ناخسەنگینییەوە بگات بەو تێڕوانینە کە شتی تاک (مێزێکی مادی) ناکامیلە، ئەوا لەم مەئریفەیەوە دەتوانێت گریمانەی کامیلێک بکات کە لێوەی شتە مادییەکە هاتۆتە ئاراوە. مێزی مادی کە ئێمە لە جیهاندا دەیبینین، ناکامیلە (لاقی چل سانتیمەتری لە جیهاندا هەرگیز چل سانتیمەتر نییە)، چونکە دەروێنەی مێزی هۆشەکییە کە دارتاش لەنێو هۆشی خۆیدا لێی ڕوانیوە و ئەوجا بە کەرەسە، بە تەختە، لاسایی کردۆتەوە (هەوڵی داوە بە مشار چوار لاقی چل سانتیمەتریی بۆ ببڕێتەوە). مێزی نێو هۆش ،،ریال،،ـە و هاوکات هاوشێوەی ئیدێی مێزە. مرۆڤ لە ڕەوتی خۆڕەخنەی مەئریفەدا، واتا لە ڕەوتی شرۆڤەکردنی شیمانەکانی زانیندا، هێدی هێدی لە تایبەتێتییەوە دەگات بە گشتێتی، لە مێزی مادییەوە بە یاسا ماتماتیکییەکانی مێز، لێرەشەوە دەگات بە تێگەی گشتیی مێز، کە هەموو کەسێک لێی تێدەگات. کەواتە پرۆسەی مەئریفە هەڵچوونی هزرە لە لێشاوی دەرککردنەکانەوە ڕووەو جیهانی ماتماتیک و تێگەی گشتی و گشتیتر، ڕووەو بوون (ئووسییا، کرۆک)، ئەوجا "گیرسانەوە"ی هزر بە ڕوانین لە تاکە بنەمای بێمەرج کە ئیدێی چاکەیە.

پلاتۆن لە کۆتایی لێچواندنی ئەشکەوتدا چەند ئەگەرێک پەیوەند بە ئایندەی فەیلەسوفەوە دەخاتە بەردەم. سامناکترینیان کوشتنیەتی لە لایەن ئەشکەوتییەکانەوە. کێشەکە لێرەدا ئەو ئەشکەوتییە سادانە نین کە لە بەردەم ڕوونکردنەوەکانی دانایانی ئەشکەوتیدا حەپەساون، بەڵکو کێشەکە ئەو کەسانەن کە خۆیان وەک دانای جیهانەکەیان ڕاگەیاندووە و بە هێزی زمان راڤەی سێبەرەکان دەکەن،

بەبێ ئەوەی بزانن ئەو سێبەرانە دوورترینن لە ڕاستییەوە. جگە لەوە ئەم "ڕۆشن_بیر_انە" بە پێگەی کۆمەڵایەتییان پشت و پەنایان بۆ خۆیان دابین کردووە، ئەوجا لەبەر ئەوەی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان بپارێزن، ئەوا مایەی مەترسین بۆ فەیلەسوفی ئیدێ — دەتوانن لەناوی بەرن، چونکە داوای گومان لە خودی هزرینی باو و ڕاڤە سەروەرەکان دەکات، یان چونکە دەیەوێت هزر بە خۆڕەخنەی مەئریفە ئازاد ببێت و بەمەش خۆی بۆ ناخەکێتی بکاتەوە. بە شێوەیەکی دی ببێژین، فەیلەسوف (ـەکەی پلاتۆن) ئەو سێبەرانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە وەک ڕاستیی ڕەها ڕاگەیەنراون و بوون بە هەقیقەتی کۆمەڵایەتی. لێ دەبێت بەئاگابین لەوە کە پلاتۆن هەموو شێوەیەکی شۆڕش لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم مەبەستەدا ڕەتدەکاتەوە. ئێمە لای پلاتۆن تیۆرییەکی سیاسیمان نییە کە سەندنی دەسەڵات لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە بکات بە پێشمەرجی دادپەروەری لە دەوڵەتدا، بۆ نموونە وەک لە مارکسیزمدا کە فەیلەسوفەکان وەک سەر و پرۆلیتاریا وەک جەستەی شۆڕش دادەنرێن. پلاتۆن دەیەوێت ببێژێت، تەنیا بە مەئریفەی ئیدێی چاکە داد دێتە جیهانەوە. لەبەر ئەم هۆیەیە کە دەوڵەتەکەی ئەو ناودەنرێت "نموونەیی / ئیدیال". دادپەروەریش بە توێژێکی بچووکی دەستەبژێر دەسەپێنرێت. کەواتە فەلسەفەی پلاتۆن کە دەبێت بە دەستووری دەوڵەت، دەسەڵاتێکی "سیادی" چێدەکات تاکو پەیوەندیی بەداد (لەو شێوەیەدا کە پلاتۆن دەیبینێت) لە دەوڵەتدا بچەسپێنێت.

## پەراوێز

[1]) فەلسەفەی پلاتۆن بەنێو سێ قۆناغی پرسیارکردندا ئاوەڵادەبێت. ئەو لە قۆناغی سەرەتای فەلسەفاندنیدا لەژێر کاریگەریی سۆکراتدایە و بە پێناسەی تێگەی ئێتیکییەوە خەریکە، بەڵام لە قۆناغی ناوەڕاستی هزرینی خۆیدا پرسیاری ڕاستی بەند دەکات بە جیهانی ئۆبژێکتیانەی ئیدێکانەوە پلاتۆن لەم قۆناغەدا گۆڕان بە 'تیۆریی ئیدێکان' دەدات. ئەوجا لە قۆناغی کۆتاییدا، گەرچی هێشتا هەر پابەندە بە تیۆریی ئیدێکانەوە، تا ڕادەیەک بە پرسیارەکانی سەرەتایدا دەچێتەوە، هاوکات فیگوری سۆکرات، کە لە دیالۆگەکانی سەرەتادا ڕۆڵی سەرەکیی پێدرابوو، پاشەکشەی پێدەکرێت.

[2]) Stemmer, Peter: Platons Dialektik. Die frühen und mittleren Dialoge: Berlin / New York 1992, S. 185.

[3]) Platon, Der Staat, S. 287 ff.

[4]) بڕوانە:

Platon, der Staat,487e4-5.

[5]) Platon, Timaios, S. 154.

[6]) بڕوانە:

Platon, Der Staat, 507b – 509b.

[7]) Gadamer, Hans-Georg: Idee und Wirklichkeit in Platos Timaios, Heidelberg 1974, S. 20.

[8]) Gloy, Karen: Studien zur platonischen Naturphilosophie im Timaios, Königshausen und Neumann 1986, S. 50.

[9]) Lim, Sungwhan: Platons Idee des Guten in der “Politeia”. Dissertation zur Erlangung der Doktorwürde an der philosophischen Fakultät der Universiät Heidelberg. Heidelberg 2005, S. 64.

[10]) Ebenda, S. 64.

[11]) Platon, Der Staat, 510 b.

[12]) Wieland, Wolfgang: Platon und die Frage des Wissens, Göttingen 1982,  S. 204.

[13]) Ebenda, S. 208.

[14]) Bormann, Karl: Platon, München 1973, S. 70.

[15]) Ebenda, S. 71.

[16]) Platon, Der Staat, 533b.

---

[17]) Wieland, Wolfgang, a.a.O., S. 215.

[18]) Ebenda, S. 216.

[19]) Gloy, Karen, a.a.O., S. 61.

[20]) Platon, Der Staat, 504d 2-3.

[21]) Lim, Sungwhan, a.a.O., S. 87.

[22]) Ebenda, S. 88.

[23]) Platon, Der Staat, 510 b.

[24]) Hirschberger, Johannes: Geschichte der Philosophue, Bd. 1, Freiburg im Breisgau, S. 109.

[25]) د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی ئەفلاتون، د. محەمەد کەمال: سلێمانی 2010. لا 132.

[26]) Hirschberger, Johannes, a.a.O., S. 109.

[27]) Lim, Sungwhan, a.a.O., S. 67.

[28]) Gigon, Olof u.a.: Platon, Lexikon der Namen und Begriffe, S. 170.

[29]) Lim, Sungwhan, a.a.O., S. 52.

[30]) Heidegger, Martin: Platonslehre von der Wahrheit, 3. Auflage, Bern 1975, S. 22.

[31]) Ebenda, S. 25.

[32]) بڕوانە:

Platon, Der siebente Brief, Stuttgart 1993, 323b.

[33]) پلاتۆن کوڕی بنەماڵەیەکی خاوەن نفوزی سیاسی بوو. خاڵی بە ناوی دیۆن یەکێک بوو لەو سیی دیکتاتۆرە کە کۆتاییان بە دەسەڵاتی دیمۆکراسیی ئەسینا هێنا.

[34]) دیکتاتۆریی سیی تیرانەکە بۆ ماوەی هەشت مانگ (ئابی 404 تا مارتی 403 ی پ.ز.) لە لایەن دەسەڵاتدارانی کەمینەی ئۆلیگارشەکانەوە (دەوڵەمەندەکانەوە) بە پشتیوانیی سپارتا دوای جەنگی پێلۆپۆنێز دامەزرا.

[35]) Platon, Der siebente Brief, 326 a-b.

[36]) چین لای پلاتۆن جیاوازە لە دیدی مارکس بۆ ئەم تێگەیە. لای مارکس، بەگوێرەی کۆمەڵگەی سەرمایەگەری، دەرفەتی پەڕینەوەی تاک لە چینێکەوە بۆ چینێکی دی هەیە: کرێکارێک دەشێت ببێت بە بۆرژوا یان بە پێچەوانەوە. لێ تێگەی چین لای پلاتۆن "تا ڕادەیەک" لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی هیندی یان ئێزدییەکان دەچێت، کە تێیاندا پەڕینەوەی تاک لە چینێکەوە بۆ چینێکی دی نەشیاوە. بێگومان پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بدەین کە دەربڕینی "تا ڕادەیەک" ڕێژەیەتی دەدات بەم تێڕوانینە لەبارەی تێگەی چینایەتیی پلاتۆن،

چونکە چینەکان لای ئەو هێندەی کۆمەڵگەی هیندی یان ئێزدی داخراو نین. ئاخر ئەوە لە کۆتاییدا پاسەوانە هزرمەندەکانن کە دوای پەروەردەکردنیان دەبن بە فەیلەسوف و بەمەش بە دەسەڵاتدار، واتا دەچنە چینی سەرەوە. تێڕوانینی داخراویی چین لە لایەکی دی توێژەکانی خوارەوە دەگرێتەوە کە لە پەروەردە بێبەشکراون.

تێبینی: ئەم توێژنەوەیە سەرەتا لە گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە 28، ساڵی 2013، بڵاوکرایەوە.